## چۆمان: مین قاچی کەسێک دەپەڕێنێ

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٨ لە گوندی (ناوبەرگە)سەر بەقەزای چۆمان کەسێک بەناوی (ع.م)تەمەن ٢٥ساڵ، کاتێک لەسەر کارەکەی‌ەوە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، لەناو کێڵگەیەکی بەناو لە مین پاکراوەدا، مینێک لەژێر پێیدا دەتەقێتەوە، دەست و قاچێکی دەپەڕێنێ و بە سەختیش بریندار دەکات.

## شەقڵاوە: پاسەوانێکی سنوور بریندار دەبێ

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٦ لە ناحیەی هیرانی سەربە شەقڵاوە کوڕێکی تەمەن ٢٦ساڵ بە ناوی (ز.هۆ.ق) کە پاسەوانی سنور بووە دوو فیشەک لە خۆی دەدات و خۆی بریندار دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو پاسەوانە نیازی خۆ کوشتنی نەبووە، بەڵکو نەیزانیوە کە چەکەکەی سوارە، یاری لەگەڵدا کردووە، دوو فیشەک دەرچووەو بە خۆی کەوتووە.

## ڕواندوز: ژنێک لەلایەن مێردەکەیەوە نیوە مردوو دەکرێ

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٨ لە گوندی (کاولۆکان)ی سەر بە ڕەواندوز ژنێکی تەمەن ٢٣ساڵ بەناوی (ن.خ.ح)لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کە ناوی (ف.ح) سوکایەتی پێ دەکرێ و زۆر بەتووندی ڕەفتاری لەگەڵ دا دەکرێ، دواتر بە دار و شەق لێ دەدرێ تا نیوە مردوو دەکرط، پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە دەکرێ، پزیشکەکان هەست دەکەن کە لێیدراوە پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. دوای لێکۆڵینەوەی پۆلیس ئاشکرا دەبێ کە مێردەکەی لێی داوە، بەوهۆیەوە سکاڵا لە دژی تۆمەتبارەکە تۆمار دەکرێ.

## هیران: پیاوێک هەوڵی کوشتنی ژنەکەی دەدات

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٦ ژنێکی تەمەن ٣٥ساڵ بەناوی (خ.ح.س)دانیشتووی شارۆچکەی هیران لە لایەن مێردەکەیەوە دارکاری دەکرێ و بریندار دەکرێ، دواتر بە دار لەسەری دەدرێ و دەبوریتەوە، بەوهۆیەوە بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری ڕانیە دەکرێ.

پۆلیس لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە دەکات، دەردەکەوێ کە مێردەکەی لێیداوە، بۆیە فەرمانی گرتنی دەردەچێ و دەستگیر دەکرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان مێردی ئەو ژنە دڵپیسی لێکردووەو هەوڵی کوشتنی داوە، بەڵام مێردەکە ئەو تۆمەتە ڕەت دەکاتەوەو بە شەڕێکی ئاسایی نێوان ژن و مێردێک لێکی دەداتەوە.

## چوار قوڕنە: کچێک دەڕفێندرێ

)ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٧ لە ناحیەی چوارقورنە شۆفێرێک بە ئوتومبێلەکەی لە کچێکی تەمەن ٢٠ساڵ بەناوی (ب.ح.ح) دەدات، بەهۆی کاریگەری لێدانەکەوە کچەکە بێ هۆش دەبێ، شۆفێرەکە دەیڕفێنێ و دەیبات، دواتر لەناو کێڵگە کشتوکاڵیەکانی چوارقورنە فرێی دەدات.

هەرچەندە هۆکاری ئەو ڕووداوە نەزانراوەو شۆفێرەکەش نەناسراوەو دەستگیر نەکراوە، بەڵام لە دادگەدا پەروەندەی بۆ کراوەتەوەو پۆلیس هەوڵی دۆزینەوەی تۆمەتبارەکە دەدات.

## حاجیاوا: ژنێک دەخنکێ

شەوی ٢٠٠٨/٣/٩ لە ناحیەی حاجی ئاوا ژنێکی تەمەن ٢٠ساڵ بەناوی (ب. ر) لەماڵەکەی خۆیدا دەخنکێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان تا ئێستا هۆکاری خنکانەکە نەزانراوە، بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە هاوسەرەکەی دەستگیرکراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە قوربانیەکە ماوەی سێ مانگە شووی کردووەو ژیانی هاوسەرێتی دروست کردووە، ئەو ماوەیەش لەگەڵ ماڵی خەزورانیدا ژیاوە، بەڵام ئەوان نکۆڵی لەوە دەکەن کە دەستیان لەو خنکاندنەکدا هەبووبێ

## ڕانیە: گەندەڵی کارگزارێک ئاشکرا دەکرێ

بەگوێرەی ئەو زانیارییەی کە دەست ڕۆژی گەل کەوتووە کەسێک کە لە پەروەردەی شاری ڕانیە بەناوی ( م.ع.س) کارگوزاربووەو لە بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکاران کاری کردووە، لە سەرەتای مانگی دیسێمبەری ساڵی ٢٠٠٧ەوە بۆ فێرگەیەکی ئێوارانی شارەکە گوازراوەتەوە، بەڵام بە درێژایی سێ مانگ لەهەردوو شوێن دا مووچەی وەرگرتووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسە هەرسێ مانگی ڕابردوو مووچەی دەبڵی وەرگرتووەو قسەشی نەکردووە، ئەوانەی مووچەکەشیان پێداوە پرسیاریان لێنەکردووە، بەوهۆیەوە حەفت سەدو پێنج هەزار دیناری زیادە وەرگرتووە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە بەڕێوەبەرێتی پەروەردی ڕانیە بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی داوە لەلایەن کەسێکەوە ئەو زانیاریەیان پێدراوە، بەدواداچوونیان بۆ کردووەو ئەو پارەیەشیان لە کارگوزارەکە وەرگرتۆتەوە، وێڕای ئەوەشەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوەو ڕەوانەی دادگە کراوە، بەڵام ناوبراو بێ ئاگایی خۆی پێشانداوەو ئەمەی بە گەندەڵی و ناپاکی لێکنەداوەتەوە. ناوبراو بانگەشەی ئەوەی کردووە کە پێیوابووە پێدانی دوو مووچە ئاکامی ئەو گەندەڵییەیە کە لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچن، بەوهۆیەشەوە خۆی بە تۆمەتبار نەزانیوە.

## ناوەندی چاک لە ناو پەرلەمانی بەریتانیا

کۆمەڵێک ڕێکخراوی کوردی و ئەرمەنی بە یەکەوە ئێوارە کۆڕێکییان لە پەرلەمانی بەریتانیا/ وێستمینیستەر/ لە کۆمیتەی ژووری ٣/ ماڵی لۆردەکان، لە ئێوارەی چوارشەممەی ١٢ ئازاری ٢٠٠٨ کاتژمێری شەشی ئێوارە، بۆ **دیسمۆند فێرناندس** ساز کردبوو، بۆ قسەکردن لەسەر کتێبەکەی "جەنەسایدی کورد و ئەرمەنی" . ئەم کۆڕە لە لایەن (Lord Rea) بەڕێوە چوو.

ئبراهیم مەلازادە وەکو نوێنەری ناوەندی چاک لە بەریتانیا لەگەڵ دوو دۆستی ناوەند، ئامادەی ئەو ئێوارە کۆڕە بوون و توانییان ناوەندی **چاک** بە کۆمەڵێک پرۆفیسۆر و چالاکڤانی بەریتانی بناسێنن و بانگهێشتی هەندێک لەو خەڵکانەش بکەن بۆ کۆنگرەی بە جەنەساید ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە کە دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە لە ١٦ ئازار پێی هەڵدەستن، هەر لەوێ داوا لە پرۆفیسۆری ئەرمەنی لە بواری جەنەساید، عەبدولسامی کرا، کە ١٠ دەقە بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا بکات و ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی.

قسەبێژەکان لەو بەیەک گەییشتنەدا: دیسمۆند فێرناندس، خاوەنی کتێبی جەنەسایدی کورد و ئەرمەن، ڕاگیب زاراکۆلو، پرۆفیسۆر کاتکاتۆر، زنوور دورو، کاسم ئەگپاک، بەن هایس و گورگین بەکرجیئۆگلۆ. وێڕای ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێک پرسییاری هەمەجۆر لەسەر کێشەی کورد و وەڵامدانەوەی لە لایەن خودی (Lord Rea) و قسەبێژەکان. بەتایبەتیش ڕۆڵی پەرلەمانی بەریتانیا لە داهاتوودا سەبراهت بەو دوو کەیسە.

شایەنی باسە کەسانێکی زۆری کورد و ئەرمەنی و ئینگلیز ئامادەی ئەو بەیەک گەییشتنە بوون و زۆر بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە باس لە کێشەی کورد بە گشتی و لە باکووری کوردستانیش بە تایبەتی کرا و جەخت لەسەر بەردەوامبوونی ئەو جۆرە بەیەک گەییشتنانە کرایەوە لە پێناو باشتر بردنە پێشەوەی بە جەنەساید ناساندنی شاڵاوەکانی دژ بە کورد و ئەرمەنی و کەمایتییەکان لە تورکیا.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوە چەندین جارە کورد و ئەرمەنی بە یەکەوە بەیەکگەیشتنی ئاوا ئامادە دەکەن و قسە لە کێشە هاوبەشە چارنووسسازەکان دەکرێت، بەڵام ئەم جارەیان گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە لە ناو پەرلەمان ئامادە کرا.

**کۆمیتەی بەریتانیا**
**ناوەندی چاک**
**٢٠٠٨-٣-١٣**
www.chak.be

## بەریتانیا: کوردێک سەری کەسێک دەبڕێ



**هەواڵەکان:** کوردێک بە ناوی ( گۆ. عە. ئە ) تەمەن ٢٣ ساڵ لەگەڵ کوردێکی دیکە بە ناوی ک. ئە. ش) بەشەردێ، بە چەقۆ لێی دەدات و دەیکوژێ.

پۆلیس ڕایگەیاندووە کە کوژراوەکە تەمەن ٢٤ ساڵە، ئێوارەی٢٠٠٨-٣-١٣ لە باسورست ستریت بەچەقۆ لە ملی دراوە، هەرچەندە بۆ نەخۆشخانە گوازراوەتەوە بەڵام پاش چەند کاتژمێرێک گیانی لەدەست داوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان کوژراوەکە ماوەی شەش ساڵە لە بەریتانیا گیرساوەتەوە، لەو دواییانەشدا لە شاری لیدز ژیاوە.

بەگوێرەی هەواڵەکان بکوژەکە زۆر بە توندی چەقۆێکی لە ملی بەرانبەرەکەی داوە، بەوهۆیەشەوە گیانی سپاردووە، ئەمەش پێوانەی سەر بڕینی بۆ کراوەو بەو تۆمەتەش دەستگیر کراوە.

بە پێی بی بی سی لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و دەرکەوتووە کە تەنیا بە ئەک چەقۆ ملی بڕاوە و خۆی لە هوڵ ژیاوە و دەرکەوتووە هەندێک لە لیدس ژیاوە و لەو کاتەدا سەردانی هاوڕێیەکی کردووە .

## لە شاری قەڵادزێ دا دوکانەکانی مەی فرۆشتن دادەخرێن

بەپێ ی بریارێکی قائیمقامی قەزای قەڵادزێ دوکانەکانی مەی فرۆشتن لەو شارەدا دادەخرێن، بۆیەکەشی بۆ مەرجە تەندروستی دەگێڕدرێنەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەو هەواڵە پەیامنێری ڕۆژی گەل پێوەندی بەبەڕێز(حسن عبدالله)قائیمقامی قەڵادزی کرد، ئەویش هەواڵەکەی سەر ڕاستکردنەوەو ڕاگەیاند کۆمەڵێ گەنج و لاوی خوار تەمەنی یاسایی دەچنە ئەو شوێنانەو مەشروبیان پێدەفرۆشری، ئەمەش یاسایی نیە، هەروەها زۆربەی ئەو دوکانانەش دەستشۆیی و تەوالیتیان تێدا نیە، بەوهۆیەوە شارەکە پیس دەبێ، بۆیە بڕیاردراوە لە گردی غابات شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابین بکەین و بەپێی مەرجی یاسایی یانەی تایبەت درووست بکەن و دوا مۆڵەتیش بۆ ئەوان ٢٠٠٨/٤/١ دەبێ.

## لە نێو شاری کۆیە کەسێک بریندار دەکات و خۆیشی ون دەکات

ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١١ لە شاری کۆیە دا کەسێک سێ گوللە لەکەسێکی دیکە دەدات و دەستگیر ناکرێ و خۆی ون دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان، سەرەتا دەمەقاڵێ لە نێوان دوو گەنج بە ناوەکانی (خ.ە) و (ش.غ) دروست دەبێ، دواتر شەڕو لێکدانی لێدەکەوێتەوە، سەرەنجام (ش.غ) بە دەمانچە تەقە لە (خ.ە) دەکات و برینداری دەکات. هەرچەندە کە برینداەکە بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام تۆمەتبارەکە خۆی دەرباز دەکات و دەستگیر ناکرێ.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست **ڕۆژی گەل** کەوتوون، بنەماڵەی ئەو دوو کەسە کێشەو گرفتیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، چەندین جار لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵێ و شەڕیان کردووە، کێشەکەشیان کۆمەڵایەتی و ماوەی چەند ساڵێکە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

## قەرەحەسەن: خەڵک نارەزایی دەردەبڕن

تایبەت بە **ڕۆژی گەل:** ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٢ خەڵکێکی زۆری ناحیەی قەرەحەسەن و گوندکانی دەوروبەری کە ژمارەیان(٤٠٠) کەس زیاتر دەبوو بە مەبەستی نارەزایی دەربرین چوونە سەر بەرێوەبەرێتی ناحیە و نارەزایی خۆیان پێشاندا، بەهۆی ئەوەی کە زیاتر لە(٣٥٠) فایل و داخوازی خەڵک کە پێشتر بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانیان لە مادەی (١٤٠) پێشکەش بەوان کرابوون، دیارنەماون و فەوتێندراون.

بەگوێرەی زانیاریەکان کە گوایە ڕۆژی ١١ی ئازار کاتێک کۆمەڵێک فەرمانبەر و پۆلیسی کورد خەریکی یادی ئەو ڕۆژە بوونە، هەندێ کەسی ناحەز ئەو فایل و مامەڵانەیان فەوتاندووە. بۆ هێورکردنەوەی خەڵکەکە و کپکردنەوەی نارەزاییەکە بەرێوەبەری ناحیە لەگەڵ نوێنەری خەڵکەکە قسەی کرد، دواتر بانگی بەرێوەبەری نفوسی کردوو لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرد، ئینجا بەڵێنیان دا کە چارەسەری کێشەکەیان بکەن بە مەرجێ بە پارێزگا و شوێنەکانی دیکەی نەیگەیەنن.

هەرچەندە کە بەرێوەبەری ناحیە داوای لە خەڵکە کردووە کە کێشەکە تەپس بکەن و لە شوێنی دیکە باسی لێوەنەکەن، بەڵام لە پێوەند بەو رووداوە **ڕۆژی گەل** زانیویەتی کە نوێنەری خەڵکە نارازیەکە بە نیازن لە دادگەدا سکاڵا لەدژ ئەوانە تۆمار بکەن کە ئەو کەتنەیان ئەنجام داوە، چونکە ئەمە بە کارێکی تێکدەرانەو ناحەز بە کورد لێکدەدرێتەوەو ئامانجیش دروستکردنی گرفت و تەگەرەی بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ە!.

## هەواڵی سەیر

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٨/٣/٨ دوای خۆرئاوابوون لە گەرەکی (جوتیاران)ی چەمچەماڵ پشت تانکی ئاوەکەوە سێ کەسی نەناسراو بە ئوتومبێلێکی (سیدریک)کوڕێکی گەنج بەناوی (زانا رەشید) دەفرێنن، سەرەتا بە جنێوی ناشیرین سواری ئوتومبێلەکەی دەکەن و دەیبەن، بەڵام ئازایانە خۆی لە ئوتومبێلەکە فرێ دەدات و یەکێکیش لەوانە لەگەڵ خۆیدا دەخاتە خوارەوە و ئینجا دەبێتە شەڕیان و لێی دەدەن، لەو کاتەدا برایەکی فریای دەکەوێ یەکێک لە تاوانبارەکان دەگرن و ئەوانی تر هەڵدێن بۆ ڕۆژی دوایی دوانیان دەگیرێ و دەبرێنە بەردەم دادگە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕیوە پیشەی مامۆستایە. هەروەها خەریکە کێشەکە لە ڕێگەی سولحت عەشایریەوە چارەسەر دەکرێ!

**ڕۆژی** چوارشەممە ٢٠٠٨/٣/١٢ عەمیدێکی سەربازی لەبەردەم فەرمانگەی نفوسی کەرکوک زۆر تکا لە پۆلیسێک دەکات تا ڕێگەی چوونە ژوورەوەی بدات، بەڵام ئەو گوێی لێناگرێ، بۆیە عەمیدەکە تووڕە دەبێ و دەڵێ: بەراستی ئەمە کارێکی زۆر خراپە و ڕاست نی یە بۆچی ڕێز لە پلەکەم ناگرن. لەو کاتەدا پیاوێک کە ناوی (ع.ک)ناسیاوی عەمیدەکە بوو بانگی دەکات و دەڵێ: عاجزی ناوێ ڕوتبەکەی تۆ ڕاست نی یە و فشەیە ئەگینا ئەم پلەیەی تۆ وولاتێک بەڕێوە دەبات!

**کاتژمێر** ١٠.٣٠ی ڕۆژی چوارشەممە٢٠٠٨/٣/١٢ لەسەر جادەی کەرکوک _ لەیلان بەهۆی ئەوەی کە ئوتومبێلی ئەمەریکی ئوتومبێلی (BM)سەغڵەت دەکات، ئەویش لە تاواندا سەری لێ دەشێوێ و خۆی دەکات بەژێر گەلابەیەکی (مان)ەوە هەر سێ سەرنشینەکەی هەر لەوێدا گیان لەدەست دەدەن بە شۆفێرەکەشەوە کە ناوی (وەستا هجران)بوو خەڵکی گوندی چیمەنە. شایەنی باسە پێکدادانەکە ئەوەندە بەهێز بووە تەگەراکانی گەلابەکە بە ئەکسلەکەیەوە دەرچووبوو،(BM)ەکەش پان ببوەوە، کەچی ئەمریکیەکان هەر ڕاشنەوەستا بوون!

کاتژمێر ١٤ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٠ لەسەر جادەی گشتی سلێمانی _کەرکوک، لە نزیک شاری چەمچەماڵ ئوتومبێلێکی جۆری شۆفلێت لە ئەنجامی دەرچوونی تەگەرێکی دا گری گرت و ئاگرێکی زۆری لێ بەرز بووەوە بەشێوەیەکی واکە دوو ئوتومبێلی ئاگرکوژێنەوە خەریکی بوون و پێیان نەکوژایەوەهەتا لە دوایدا خۆی دامرکایەوە. بە گوێرەی زانیاریەکانبەهۆی دەرچوونی تەگەرەکەی و خشانی ئاسنەکان لە زەوی ئاگری گرتبوو.

جێگەی ئاماژەیە ژە ئۆتۆمبێلەکە نزیکەی ٢٠ جەلیکان بەنزینی بارکرد بو!

**وڵاتی** (شهاب ئەحمەد) عەرەبێکی دانیشتووی شاری بەغدایە بۆ مەبەستی بازرگانی دۆستایەتی لەگەڵ چەند کەرکوکیەک دروست کردووە، ئەو کەسە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢ (١٨٠)گەڵا دۆلاری بەمبەستی کڕینی تراکتۆر لە وڵاتی (ح.ع)وەردەگرێ، دوای چەند ڕۆژێک کورێکی(ح)داوای (١٠٠)گەڵای لێ کردۆتەوە کەچی لەوەڵامدا پێیان ووتووە ئەگەر پیاون وەرن بۆ (زلوعیە) داوای پارە بکەن،ئەو قسە ناخۆشە مایەوە لە نێوانیان هەتا ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٢ کورێکی (شهاب) و هاوڕێیەکی لە کەرکوک دەگرن و دەیدەن بە دادگا بەناوی ئەوەی ئەمانە هەرەشەیان لێ کردوون و دۆستی تیرۆرستانن،ئێستا کۆمەڵە کەسێک کەوتۆتەوە نێوانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە ئەفسەری بەرچاویشیان تێدایە.

**ڕۆژی** ١١-٣-٢٠٠٨ لەپێوەند بە ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری هەولێر ژمارەیەک فەرمانبەر بەشداریان لەو ئاهەنگەدا نەکردبوو کە بەبۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی شارەکەیان فەرمانگەکەیان ڕێکی خستبوو، دوایی کە پرسیاریان لێکردبوون کە بۆچی بەشداریتان نەکردووە؟ پاساوی ئەوەیان هێنابۆوە کە ئەو ڕۆژە ساڵیادی بەیانی یازدەی ئازارە کە سەدام حوسێن لەگەڵ کورد دا مۆری کردبوو!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com